# چیرۆکی دروست بوونی ئێم کافێ

ئێمە وەکو ئێم کافێ، وەکو یەکەمین کاری هاوشێوە ( کۆفی کەرڤان )لەسەرەتای ساڵی 2018 لەبەردەم پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان دەستمان بەکارکرد، خەونێکی گەورەمان لەسەر ئەو پڕۆژەیە هەڵچنی، لەبیرۆکەیەکی بچووکەوە دەستمان پێکرد و بە بچووکیش کەوتە کار، بەڵام بەهۆی دڵسۆزیمان و باشیی کوالێتی و هەرزانی نرخ و جیاوازیی لە جۆری پێشکەشکردنمان، توانیمان خێرا ناوبانگێکی زۆر دروستبکەین و کارەکەشمان وورده وورده فراوان ببێت،بەشێوەیەك لەچەندان شوێنەوە کەسانی دیکەش هەوڵیان دا لاساییمان بکەنەوە یان لەبیرۆکەی ئێمەوە خەیاڵیان بۆ کاری ئاوا بەبابەتی تربڕوات و لەو ڕوانگەیەوە شانازی دەکەین کە هەم کارەکەی خۆمان سەرکەوتوو بوو،هەم بوینە هەوێنی بیرۆکەی جیاواز بۆ گە نجانی دیکەش.

ئێم کافێ، بۆ ڕێبوارێك کە دەهات قاوەیەکی دەخواردەوە و دەڕۆیشت، بڕوای نەکردووە ببێتە بەشێك لە میمۆرییەکانی،بەڵام بەهۆی ئەوەی لەسەرەتاوە بڕوامان وابوو ئێمەیش دەتوانین خاوەنی براندی خۆمان بین، هەرکە دەستمان پێکرد،خاوەنی لۆگۆ و دروشمی خۆمان بووین،بۆیە ئەو ڕێبوارە کاتێك قاوەکەی دەخواردەوە،لۆخۆوە هەستی دەکرد بەشێکە لە پرۆسەیەك، ئەو هونەری کارکردنە بەم شێوەیە با لە کۆشکێکی بچووکدا جێی بووبێتەوە،بەڵام پلانی گەورەی بۆ داڕێژرابوو،سەدان چیرۆکمان بینیوە کەبراندە گەورەکان لەژێر پلیکانی شەمەندەفەرێکەوە دروست بوو، گوتمان ئێمەش ئاوادەکەین.

هەموو ئەوانەش بێ کۆسپ و ناخۆشی نەبوون، هەر لەمانگەکانی سەرەتای کارکردنمان یەکێك لەباشترین کارمەندەکانمان بەناوی ( هۆزان شکاك ) دوای تەواوبوونی لەکار، لەنزیك ئێم کافێ بەهۆی تیژڕەویی ئۆتۆمبێلێکی سەرەڕۆ و یاسا شکێنی ئەو تاکسیەی هۆزانی دەگەیاندەوە ماڵەوە تووشی کارەساتی هاتووچۆ بوو و دواتر کۆچی دوایی کرد، ئەوەش یەکێك لە تاڵترین یادەوەرییەکانی ئێم کافێ و ستافەکەیەتی.

دواتر و لە ساڵی 2020 بەبڕیارێکی شارەوانی هەولێر، ئێم کافێ داخرا و شوێنەکەی لێوەرگیرایەوە،ئەوەش دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەناو خەڵکی ئاسایی و هونەرمەند و کەسایەتییە دیارەکانی نێوکۆمەڵگە دروستکرد،کە ئێمە لە ئێم کافێ ئەو هەڵوێستانە هەمیشە بەبەرزی لەیادەوەریمان دەهێڵینەوە.

ئەوە تۆزقاڵێك ئێمەی لەگەیشتن بەخەونەکانمان سارد نەکردەوە، بگرە لەسەردەمی هاتنی ڤایرۆسی کۆڕۆنا لەو کاتیە کافێکەمان داخرلبوو، چەند مانگێك بەخۆبەخشی و لە سەر ئەرکی خۆمان ڕۆژانە خواردنەوە و شەربەتی فرێشمان بۆ تەواوی توشبوانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر ئامادە دەکرد، پاشان لقمان لە شوێنی تری هەولێر کردەوە و لە سەرەتایی مانگی ئایاری 2022-ش لە زیادکردنێکی ئاشکرادا ئێم کافێ توانی دووبارە شوێنێك لە پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان وەربگرێتەوە.

هەنگاوەکانمان ناوەستێ، تا ئەوکاتەی ناوی ئێم کافێ، لەهەموو کوچەکانی شار جێ دەکەینەوە، دە پەڕینەوە هەموو شارەکانی کوردستان، سەرەنجام دەبینە بڕاندێکی ناوداری کوردی و لەوێشەوە بەرەو شارەکانی تری عێراق و جیهانیش.

## بەهیوای چێژبینین و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە ئێم کافێ